# مەرگی ژیانبەخشی ژینا

**هاوڕێ کرماشانی**

"کارەساتی قوربانی بوونی ژینا تەزوویەکی بە گیانی ڕۆژهەڵاتدا هێنایەوە و و دواتریش هەموو ئێرانی هەژاند و نیشانەکانی ئەوەش دەرکەوتووە کە ببێتە هێمایەکی جیهانی. هێمایەکی نوێ لە سەر بنەمای سێکۆلاریزم و ئازادیخوازی کە ئەگەری هەیە ببێتە مەشخەڵی ئاراستەیەکی نوێ لە بزاڤی ژنانی جیهاندا، ئاراستەیەک کە تەنیا ژنان خاوەنداریی نەکەن و بگرە پیاوانیش تێکەڵ بەو بزاڤە بوون. ڕاستە چۆنیەتی مەرگی ژینا و کێشەکانی پێوەندیدار بە گەشتی ئێرشاد و هەموو ئەو بەربەستە ئایدیۆلۆژیکانەی کە بۆ ژنان دانراوە، بوو بە ڕۆژەڤی شەقامی هەموو پانتایی ئێران، بەڵام کوردستان دیسانەوە سەلماندی کە کێشەی مافی ژنان و خەڵکی ڕاپەڕیو نابێ وردبکرێتەوە بۆ سەرپۆش و حیجاب؛ لە هەماکاتیشدا نابێ لەبیرمان بچێ لە بنەڕەتدا حیجاب و بەربەستەکانی پێوەندیدار بە جلوبەرگی ژنان تەنیا بۆ بەلاڕێدا بردنی بیری خەڵک بوو لە چەوسانەوە و گرانی و هەڵاوسانی ئابووری و نایەکسانیی نەتەوەیی و هەموو نەهامەتییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی خەڵکەوە."

هەمووکەس ئەیزانی ئەم حکوومەتەی ناوێ، بەڵام کارەسات ئەوە بوو کەس نەیئەزانی چۆن حکوومەتێکی ئەوێت. ئەمە قسەی میشێل فۆکۆی فەیلەسووفە کە ماوەیەک پێش ڕوودانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران، دوای سەردانێک بۆ ئێران و لە نامیلکەیەکدا لە ژێر ناوی "ئێرانییەکان چ سەودایەکیان لەسەردایە" باسی کردووە. ئەودەم فوکۆ هیچ زانیارییەکی لە شۆڕشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و عەقڵیەتی سیاسیی کۆمەڵگای کوردی و هێزە سیاسییەکان نەبوو، تا بیزانیبا کوردستان ئەزانێ چی ئەوێت.

لەم ماوەدا سلاڤی ژیژەک لە کورتە ڤیدیۆیەکدا باسی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانی کرد و هەمان قسە کە فۆکۆ نەیکرد ئەم ئاماژەی پێدا کە ڕێبەرایەتی شۆڕش بەدەست کوردەوەیە و ئەگەر ئێرانییەکان ئەیانەوێ ڕزگار بن ئەوا کلیلی ڕزگاری ئەوانیش بە دەست کوردستانەوەیە، ئەمەش جیا لە ئەوەی کوردستان ناوەندی هەڵگیرسانی شۆڕش بوو، بەشێکی زۆری لەبەر ئەوەیە کە ئەگەرچی کورد بووندارییەتیەکی یاسایی سەرووتر لە هەرێمێکی (باشووری کوردستان) دیفاکتۆی لە چوارچێوە یاساییەکانی دەوڵەت نەتەوە لە ناوچەکەدا نیە، بەڵام بووندارییەتییەکی بەهێزی کۆلتووریی و بزووتنەوەی مەدەنی و سیاسی و چەکداریی هەیە.

هەر دوو بابەت چ لە سەر زاری فۆکۆ و چ لە سەر زاری ژیژەک، پێوەندیی بە دۆخی شۆڕش یا ڕێڤۆلەیشنەوە هەیە، داهاتوویەک کە لە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤدا ناڕوون و جێی مەترسییە، ئەڵتەرناتیڤێک کە چ سەردەمی شۆڕشی ٥٧ و چ ئێستەش لە ساڵی ١٤٠١دا هەر کورد هەیەتی.

ئەگەر ئۆپۆزێسیۆنی ئێرانی لە نێوان چەندین پلانی ڕێفۆرمخوازیی بێ مانیفیستی هەنووکەیی، سەڵتەنەتی مەشرووتەی نیۆپەهلەوی، چەپی مارکسیستی یان فرانکفۆرتی، تا ئێرانشاریی بەناو دیمۆکراتیکی تا ئێسقان فاشیستیدا سەرگەردانن، ئەوا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و کۆی پێکهاتەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان زۆربەی لە سەر ئەڵتەرناتیڤی ئێرانی فیدراڵی دیمۆکرات کۆکن و هەندێ لایەنیش کە بە نیسبەت کەمتر و گچکەترن باس لە ئەڵتەرناتیڤی دابڕان لە ئێران و سەربەخۆیی دەکەن. کە وەک ڕێکخراوەی سیاسی دەنگیان ئەوەندە بەرز نیە.

کارەساتی قوربانی بوونی ژینا تەزوویەکی بە گیانی ڕۆژهەڵاتدا هێنایەوە و و دواتریش هەموو ئێرانی هەژاند و نیشانەکانی ئەوەش دەرکەوتووە کە ببێتە هێمایەکی جیهانی. هێمایەکی نوێ لە سەر بنەمای سێکۆلاریزم و ئازادیخوازی کە ئەگەری هەیە ببێتە مەشخەڵی ئاراستەیەکی نوێ لە بزاڤی ژنانی جیهاندا، ئاراستەیەک کە تەنیا ژنان خاوەنداریی نەکەن و بگرە پیاوانیش تێکەڵ بەو بزاڤە بوون. ڕاستە چۆنیەتی مەرگی ژینا و کێشەکانی پێوەندیدار بە گەشتی ئێرشاد و هەموو ئەو بەربەستە ئایدیۆلۆژیکانەی کە بۆ ژنان دانراوە، بوو بە ڕۆژەڤی شەقامی هەموو پانتایی ئێران، بەڵام کوردستان دیسانەوە سەلماندی کە کێشەی مافی ژنان و خەڵکی ڕاپەڕیو نابێ وردبکرێتەوە بۆ سەرپۆش و حیجاب؛ لە هەماکاتیشدا نابێ لەبیرمان بچێ لە بنەڕەتدا حیجاب و بەربەستەکانی پێوەندیدار بە جلوبەرگی ژنان تەنیا بۆ بەلاڕێدا بردنی بیری خەڵک بوو لە چەوسانەوە و گرانی و هەڵاوسانی ئابووری و نایەکسانیی نەتەوەیی و هەموو نەهامەتییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی خەڵکەوە، ئەگینا ڕژێم لە کارناڤاڵی قاسم سولەیمانی و هەیئەتەکانی عاشوورا و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا هیچ بەربەستێکی ئەوەندە توندی بۆ حیجاب دانەدەنا و ئەوەی بۆی گرنگ بوو کۆبوونەوەی خەڵک بوو لە دەوری هێماکانی خۆی.

سەرەڕای هەموو ئەو داگیرکاری و چەقبەستووییانەی کە دەرەنجامی چەقخوازی سیاسی، نەتەوەیی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت جێندەری بوو، بۆ یەکەمجارە کە ڕووداوێک لە ئێراندا دەقەومێ کە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد وەک خۆی و لە شێوازی کۆمەڵگایەکی جیاوازدا دەردەخات، ئەویش خاوەنداریی کوردستان بوو لە ژینای خۆی، خاوەندارێتییەکی تایبەت کە بووە سەرچەشنێک بۆ باقی پێکهاتەکانی ئێران و بەتایبەت تاران و شارە گەورەکانی تر.

دەبێ لەبیرمان بێت سەرەڕای ڕەهەندی چەوسێنەریی کۆمەڵگای کوردی لە بواری جێندەری و مافی ژناندا، بۆمان زیاتر دەرکەوت کە کۆمەڵگای ئێمە بەهەموو نوقسانەکانی لەو بوارەدا لە هەموو گەلانی ئێران باشتر و پێشکەوتووتر و چاوکراوەترە. ئەوەش بەرهەمی شوعوورێکی سیاسی و مەدەنیە کە لانیکەم لەم ساڵانەدا دەرکەوتووە و بووەتە ڕۆژەڤی هەموو جیهان.

سەرهەڵدانی کوردستان بوو بە سەرچەشنی هەموو سەرهەڵدانەکانی تر بە تایبەت لە پێتەختی ئێراندا. و ئەمەش کاریگەریی پەراوێزە لە سەر ناوەند و پەراوێزەکانی تر، کە لە دونیای ئەمڕۆدا بە مۆدێلی گەشەی جێگرەوە (توسعە بدیل) ناسراوە وئەم کاریگەرییەش بۆ هێزێکی مەعنایی و مەعریفی و مەدەنی دەگەڕێتەوە کە لە دڵی کولتووری کوردستاندا هەیە و بەردەوام لەگەشەکردندایە، کە جگە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی و لە ژێرکاریگەریی ئیسلامێکی شەریعەتی و فیقهی ئەو ڕێژیمەدا حیجاب تێیدا کێشە نەبووە.

لە درێژە ڕووداوەکاندا، دەرکردنی بڕیاری مانگرتنی گشتیی ڕۆژهەڵات لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکانەوە خاڵێکی یەکجار بەهێز بوو و ئەوەش کە دواتر مەکتەب قورعان کە لە دەرەوەی ڕێککەوتنی ئەو ناوەندەوە بوو، دەنگی خستە پاڵ دەنگی ناوەندی هاوکاری حەماسەکەی بەهێزتر کرد. بە شێوەیەک کە لە یەکەم هەنگاودا کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەندارییەکی شۆڕشگێڕانەی لە کەیسی ژینا کرد، و پاشان هاودەنگی حیزبە کوردییەکان لە دەرەوە و ناوەوە بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی و لە کۆتاییدا بەهاناوەچوونی خەڵک بۆ ئەو بڕیارە و سەرکەوتنێکی تر بوو کە لە پاش مەرگی ژینا سەرنجی هەموو ئێران و تەنانەت جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەمەش خاڵێکی گرنگی ترە کە بەشێکی پشکی یەکگرتوویی حیزبە کوردستانییەکان بوو. یەکگرتوویی و هاودەنگی کێشی کوردی زیاتر کرد و خەڵکی کوردستان و حیزبە کوردستانییەکان ئەبێ ئەمە بگوازنەوە و نابێ لێی غافڵ بن و لێرە بەدواوە دەنگێکی بەرزتر و بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە لە دانیشتنە سیاسی و دیپلۆماتیکەندا دەرکەون. ئەمە هێزی سیاسی و کولتووری سیاسیی و مەدەنیی کوردە و دەبێ ببێتە هەوێنی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیی هاوبەش لە لایەن حیزبەکانی ناوەندی هاوکاریی و هەر حیزبێکی تر کە ئیستراتیژییەکی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

واقیعی کوردستان هەرچییەک بێت لە گەمارۆی فاشیزمی نەتەوەکانی تر و وانە چەوت و توندەکانی ئێرانی فەرهەنگی و فیندەمێنتالیزمی ئایینی و چەپی پاتریمۆنیالی ناوەندخواز دایە، هەربۆیە ئەو دیسکۆرسەی کوردستان هەرچەند تۆکمە و تەواو و پێشکەوتووش بێت، تەنیا یەک شت دەتوانێ گەرەنتی مانەوە و سەقامگیربوونی بکات لە ئەرزی واقیعدا، ئەویش هێزی چەکدارییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان دووپاتە بکاتەوە، وەک چۆن تا دواهەناسە شەڕی دێوەزمەی داعشی کرد و بۆ دونیای نوێ مۆمی هیوا بوو لە ڕەشاییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دوایی کە داعش کۆتایی پێهات، تورکیا هێرشی کردە سەری و لە گەمارۆی هەموو هێزە پاوەنخواز و فاشیستییەکاندا عەفرین داگیرکرا و لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی هەموو دونیادا خەسار وماڵوێرانییەکەی بۆ کوردستان مایەوە. بۆیە ئەبێ ئەو بزاڤە مەعریفییە پشت ئەستوور بە هێزی چەکداریی نیشتمانی بکرێ.

ئەبێ کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان و حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان، ئاگایان لەوە بێت کە عەقڵیەتی فاشیستی لە ڕێگەی دابەزاندنی کەیسی ژینا و ڕووداوەکانی دواتری بۆ مەسەلەی حیجاب، کێشەی نەتەوەیی نەخاتە پشت گوێ، و کوردیش بە ڕۆحێکی کوردستانییەوە نابێ کڵاوی وشە و دەستەواژەی بریقەداری دیموکراسی و سۆسیالیزم و ئێرانیی فەرهەنگی بچێتە سەریەوە. بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەرەیەکی لێکپچڕاو و پارچە پارچەیە تا ئەو ڕادەیەی کە کەسایەتییەکی ناپوختەی وەک ڕەزا پەهلەوییان کردۆتە پێشەنگ بۆ ئەوەی بەستێنی کۆمەڵگا و بەشێک لە هێزەکان لە پێناو پاراستنی تەمامیەتی ئەرزیدا لە دەوری کۆببنەوە. ئەوەیە لەم دۆخەدا یەکیەتی و یەکڕیزی کۆمەڵگای کوردستان بە نوێنەرایەتیی بەرەیەکی دیپلۆماتی کوردستانیەوە باش ئەتوانێ زاڵتر بێت و وەک چۆن لە هەڵگیرسانی شۆڕشدا پێشەنگ بوو لە ڕەهەندی دیپلۆماتیکیشەوە ئەگەر نەبووە پێشکۆ، بە هیچ شێوەیەک پاشکۆیی قەبووڵ نەکات و دیموکراسی و فیدرالیزم وەک ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێز پێداگری لەسەر بکرێ و لەم پێناوەشدا، کورد ئەبێ پێکهاتە نەتەوەییەکانی تری ئێرانی وەک تورک و عەرەب و بەلووچ هانبدات تا لە سەر هەمان ئەڵتەرناتیڤ ساغ ببنەوە و بێنە مەیدان تا دوایی بە شۆڕشی پەراوێز، ناوەند و چەقخوازان ناچار بکەن کە هەمان ئەڵتەرناتیڤ قبووڵ بکەن

لە ئەنجامدا سەرەڕای بگۆڕ(متغیر) ە ناوچەیی و جیهانییەکان کە بێگومان کاریگەریی خۆیان هەیە، کۆریدۆری تێپەڕبوون لە دیکتاتۆریی ئیسلامی ئێرانی بەرەو دیمۆکراسی ئەگەر بە ناو شەڕی دەستەویەخە و خوێندا تێپەڕ نەبێت، ئەوا لە ئەنجامدا هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لەئێراندا پشتئەستوور بەو هێزە چەکدارییە نەبێت لە دانووسانی دیپلۆماتیکدا، هیچی بۆ ناسەلمێندرێت بگرە هەر گوێشی بۆ نەگیرێت.

ئێرانی دیمۆکراتیک و فیدرال ئەو ئەڵتەرناتیڤەیە کە بەشێکی بەرچاو لە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات لەسەری تەبان، و مێژوویەکی دوور و درێژی لەپشتەوەیە، و کۆماری ئیسلامی ئۆپۆزیسیۆنی فاشیستی و پاوەنخوازیش باش ئەزانن کە تەنیا ئەڵتەرناتیڤ لە کوردستاندایە، و تەنیا دیسکورسی ڕەکەبەری دیسکورسی ئێرانی فارسی دیسکورسی کوردستانە. هەر بۆیە بەردەوام لە پەرەسەندنی ئەم دیسکورسە بۆ باقی شوێنەکانی ئێران ترسیان هەیە و مووشەکباران و بوردومانی کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان و هاوکات هاودەنگی و هاوئاهەنگیی ناڕاستەوخۆی میدیای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئەم کارەی کۆماری ئیسلامی و هەموو فرتوفێڵەکانی تر، نیشانەن بۆ ئەوەی کوردستان دیسکورسێکی تۆکمە و بەهێزی هەیە، کە بەم هەوڵانە دەیانهەوێ بە بیانووی تەجزیەتەلەبی خەڵکی ئێران بترسێنن و کەلێن بخەنە نێوان ئەو هاوئاهەنگی و هاودەنگییەی کۆی جوغرافیای ڕاپەڕیوی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی.